هاوبەشی قورئان

بەڵگەکانی

پێشەوایی ئیلاهی و خەلافەتی دەستبەجێی

میری ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبی تالیب (علیه السلام)



پەیمانگای توێژینەوەی حەزرەتی وەلی عەسر


بسم الله الرحمن الرحيم

هاوبەشی قورئان

بەڵگەکانی

پێشەوایی ئیلاهی و خەلافەتی دەستبەجێی

میری ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبی تالیب (علیه السلام)

پەیمانگای توێژینەوەی حەزرەتی وەلی عەسر

خشتەی ناوەڕۆک

١- بۆچی پێویسته له بارەی مەزهەب و بۆچوون لێکۆڵینەوە بکەین؟

مژدەی خودا بۆ بەندەکان بۆ هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا

خودای دلۆڤان له قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:

الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَ أُولٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ (الزمر: ١٨)

(کەواته مژده به بەندەکانم بده)، ئەوانەی گوێ له قسەکان دەگرن و شوێن باشترینیان دەکەون، ئەوانەن که خودا هیدایەتیان داوه و هەر ئەوانن که ژیرن(عاقڵن).

هەڵبژاردنی مەزهەبی فریادڕەس و ڕزگاریدەر له نێو مەزهەبه بەتاڵ و درۆینەکان:

بەگوێرەی حەدیسێک که زنجیره وەێژەرەکانی باوەڕپێکراوه له کتێبی شیعه و سوننەدا گێڕاوەتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

«وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَىٰ ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً كُلُّهُمْ فِي النَّارِ إِلَّا مِلَّةً وَاحِدَةً»[١].

ئوممەتەکەم دابەش دەبێت بەسەر حەفتا و سێ مەزهەبدا، که هەموویان له ئاگری دۆزەخدا دەبن جگه له مەزهەبێک

---

[١]. محمد بن عيسى، سنن الترمذي: ج٤ ص٣٢٣ ح٢٦٤١، الناشر: دار الغرب الإسلامي – بيروت / هەڵوێستی شایەتحاڵی ئیدیعای ئێمه هەمان ئەو هەڵوێستەیه که له دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوه، درێژەی فەرمووده له سونەنی تەرمیزیدا باس کراوه. قَالُوا: وَمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي. هۆکاری باسکردنی ئەو هەڵوێستەی که له دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوه، تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێنەران له ناوەڕۆکەکانی ناو سەرچاوه سوننەییەکانه بۆ ئەوەی بگەنه ناوەڕۆکێکی هاوبەش له سەرچاوه شیعه و سوننەکاندا.

کولەینی لە زانایانی گەورەی شیعە لە ئیمام باقر(عليه السلام) دەگێڕێتەوەو کە فەرموویەتی:

«وتفرقت هذه الأمة بعد نبيها صلی الله علیه وسلم علی ثلاث وسبعين فرقة اثنتان وسبعون فرقة في النار وفرقة في الجنة»[1]

ئەم ئوممەتە لە دوای پێغەمبەری پیرۆز (صلی الله علیه وآله وسلم) بەسەر حەفتا و سێ مەزهەبدا دابەش دەبێت: حەفتا و دوو مەزهەب لە ئاگردا دەبن و مەزهەبێک لە بەهەشتدا دەبێت.

بۆیە پێویستە ئێمە بە وتەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وآله وسلم) باس و لێکۆڵینەوە لەسەر مەزهەبی دروست و بۆچوونی ڕزگاری دەر بکەین تا بتوانین باشترین مەزهەب و بۆچوون هەڵبژێرین و پەیڕەوی لێبکەین.

٢ - بەڵگەی شیعە بۆ ئەوەی کە مەزهەبەکەیان فریادڕەس و ڕزگاری دەرە لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وآله وسلم)

مژدە لە ڕۆژی قیامەتدا:

پێغەمبەری خۆشەویستی ئیسلام (صلی الله علیه وآله وسلم) ئاماژەی بە مێری ئیمانداران عەلی (علیه السلام) کرد و فەرمووی:

«وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ هَذَا وشيعته لَهُمُ الْفَائِزُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»[2]

---

[1]. الكليني، الكافي: ج٨ ص٢٢٤، الناشر: دار الكتب الاسلامية – طهران

[2]. محمد بن علي الشوكاني، فتح القدير: ج٥ ص٥٨٢، الناشر: دار ابن كثير، دار الكلم الطيب – دمشق، بيروت

سوێند بەو کەسەی کە ڕۆحی من لە دەستیدایە، ئەو (یەعنی عەلیعليه السلام) و شیعەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا سەرکەوتوو و ڕزگار دەبن.

مژدەی بەهەشت بۆ شیعەکانی عەلی عليه السلام:

ابن مردویە لە ئیمامی عەلی عليه السلام دەگێڕێتەوە کە دەڵێت:

ئەم ئوممەتە دابەش دەبێت بەسەر حەفتا و سێ تەریقەتدا، حەفتا و دوو مەزهەب لە ئاگری دۆزەخدا دەبن، «وَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ وَهُمْ أَنَا وَشِيْعَتِي» **مەزهەبێک دەچێتە بەهەشت، ئەوانیش من و شیعەکانم دەبن.**[1]

فەرموودەی «ئەهلیبەیتم کەشتی ڕزگارییین»

حاکیمی نەیشابوری لە پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وآله وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

«مَثَلُ أَهْلِ بَيْتِي مَثَلُ سَفِينَةِ نُوحٍ، مَنْ رَكِبَهَا نَجَا، وَمَنْ تَخَلَّفَ عَنْهَا غَرِقَ»[2]

نموونەی ئەهلی بەیتەکەم وەک کەشتیی نوح وایە - هەرکەسێک گوێڕایەڵی ئەوان بوو - و سواری ئەم کەشتییە بووبێت ڕزگاری دەبێ، هەرکەسێک دژایەتیانی کردبێت دەخنکێت.

حاکیمی نەیشابوری وتوویەتی: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ مُسْلِمٍ...

ئەم فەرموودەیە سەحیحە و مەرجی موسلیمی تێدایە.

---

[1]. ابن مردويه الأصفهاني، مناقب علي بن أبي طالب: ص٢٤٤، الناشر: دار الحديث – قم

[2]. حاكم النيسابوری، المستدرك على الصحيحين: ج٢ ص٣٧٣، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

بەڵگە بۆ ئیمامەتی ئیلاهی و خەلافەتی دەستبەجێی عەلیعلیه‌السلام لە قورئان و سوننەتدا

لە قورئان دا

ئایەتی بەرزی ویلایەت:

سورەتی المائدة: ئایەتی بەرزی ٥٥

إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَ رَسُولُهُ وَ الَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَ يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَ هُمْ رَاكِعُونَ (المائدة: ٥٥)

وەلی (و پارێزەری) ئێوە تەنها خوا و پێغەمبەرەکەیەتی و ئەوانەی ئیمانان هێناوە؛ ئەوانەی نوێژ دادەمەزرێنن و زەکات دەدەن لەکاتی ڕکوعدا.

تەبەری یەکێک لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە لە موجاهیدەوە گێڕاوەتەوە:

{ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ } نَزَلَتْ فِي عَلي بن أبي طالب تَصَدَّقَ وَهُوَ راكِعٌ.[١]

کاتێک عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە کاتی ڕکوعدا خێری کرد، ئەم ئایەتەی بۆ دابەزی.

وە هەروەها ئیبن ئەبی حاتم ئەم بابەتەی لە عوتبەی (عوقبەی) کوڕی ئەبی حەکیمەوە گێڕاوەتەوە.[٢]

---

[١]. محمد بن جرير الطبري، جامع البيان عن تأويل آي القرآن: ج٨ ص٥٣١، الناشر: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان – القاهرة

[٢]. ابن أبي حاتم، تفسير القرآن العظيم: ج٤ ص١١٦٢، الناشر: مكتبة نزار مصطفى الباز – المملكة العربية السعودية

ئیبن تەیمیە وتوویەتی: تفاسيرهم متضمّنة للمنقولات التي يعتمد عليها في التفسير...[1]

تەفسیری تەبەری و ئیبن ئەبی حاتم یەکێکە لەو تەفسیرانەن کە ناوەڕۆکەکەیان جێی متمانەیە لە لێکدانەوەی ئایەتەکاندا.

ئالووسی دەڵێت: «وغالب الأخباريّين على أنّ هذه الآية نزلت في علي»[2]

زۆربەی ئەخباریەکان پێیان وایە ئەم ئایەتە بۆ عەلی دابەزیوە.

هەروەها دەڵێت: «والآية عند معظم المحدثين نزلت في علي»[3]

زۆربەی موحەددیسەکان لەو بۆچوونەدان کە ئەم ئایەتە بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالیب دابەزیوە.

ئایەتی بەرزی ئیبلاغ:

سورەتی المائدة: ئایەتی بەرزی ٦٧.

يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَ إِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَ اللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِی الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (المائدة: ٦٧)

ئەی پێغەمبەر! ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزیوە بیگەیەنە، ئەگەر وا نەکەیت، ئەوا ئەرکی ریسالەتی ئەوت بەجێ نەهێناوە .خودا لە (مەترسییە ئەگەرییەکانی) خەڵک دەتپارێزێت.

---

[1]. ابن تيمية الحراني، منهاج السنة النبوية: ج٧ ص١٧٩، الناشر: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية – الرياض

[2]. شهاب الدين الألوسي، روح المعاني في تفسير القرآن: ج٣ ص٣٣٤، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

[3]. ــــــــــــــــ: ج٣ ص٣٥٢

ئیبن ئەبی حاتم، یەکێک لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە، لە ئەبو سەعید خودریەوە گێڕاوەتەوە: «نزلت هذه الآية . . . .في علي بن أبي طالب»[1]

ئەم ئایەتە سەبارەت بە عەلی کوڕی ئەبی تالیب دابەزی.

ئالووسی، یەکێک لە زانایانی ئەهلی سوننە، لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە گێڕاوەتەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەری خواﷺ ئەم ئایەتەمان دەخوێندەوە:

«بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ إنّ علياً وليُّ المؤمنين وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ»[2]

ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزیوە، بیگەیەنە کە عەلی وەلی (پارێزەری) ئیماندارانە، وە ئەگەر ئەوە نەکەیت، ئەوا تۆ ئەرکی پێغەمبەری خوات بەجێ نەگەیاندووە.

هەروەها سویوتی[3] و شەوکانی[4] و موحەممەد ڕەشید ڕەزا[5] ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە.

ئایەتی بەرزی ئیکماڵی دین:

سورەتی المائدة: ئایەتی بەرزی ٣

---

[1]. ابن أبي حاتم، تفسير القرآن العظيم: ج٤ ص١١٧٢، الناشر: مكتبة نزار مصطفى الباز – المملكة العربية السعودي

[2]. شهاب الدين الألوسي، روح المعاني في تفسير القرآن: ج٣ ص٣٥٩، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

[3]. جلال الدين السيوطي، الدر المنثور: ج٣ ص١١٧، الناشر: دار الفكر – بيروت

[4]. محمد بن علي الشوكاني، فتح القدير: ج٢ ص٦٩، الناشر: دار ابن كثير، دار الكلم الطيب – دمشق، بيروت

[5]. محمد رشيد رضا، تفسير القرآن الحكيم: ج٦ ص٤٦٣، دار المعرفة – بيروت

الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَ اخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَ أَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَ رَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا (المائدة: ٣)

ئەمڕۆ، دینەکەتانم بۆ ئێوە کامڵ کرد؛ و نیعمەتی خۆمم لەسەر ئێوە تەواو کرد؛ و ئیسلامم وەک ئایینی (ئەبەدی) ئێوە قبوڵ کردووە.

خەتیب بەغدادی، یەکێک لە زانایانی گەورەی ئەهلی سوننە، لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاوەتەوە:

لە ڕۆژی غەدیری خوم، کە پێغەمبەر دەستی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی گرت، پاشان وتی: «أَلَسْتُ وَلِيَّ الْمُؤْمِنِينَ؟» ئایا من وەلی ئیمانداران نیم؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا! فەرموویی: «مَنْ كُنْتَ مَوْلَاهُ فَعَلِيٌّ مَوْلَاهُ» من مەولای هەرکەسێک بم، ئەوا عەلی مەولایەتی. پاشان عومەری کوڕی خەتاب وتی: پیرۆزە، پیرۆزە لە تۆ ئەی کوڕی ئەبو تالیب، لەمەودوا تۆ وەلی منیت و وەلی هەموو موسڵمانانی. پاشان ئەم ئایەتە دابەزی: ئەمڕۆ دینەکەتم بۆت کامڵ کردووە.[1]

(زنجیرەی وەێژەرەکانی ئەم گێڕانەوەیە ڕەسەنە)

وە لەو گێڕاوەی ئیبنی کەسیر هاتووە، عومەری کوڕی خەتاب وتوویەتی:

«أَصْبَحْتَ الْيَومَ وَلِيَّ كُلِّ مُؤْمِنٍ»[2]

ئەی عەلی! بوویت بە وەلی هەموو ئیمانداران.

---

[1]. الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد وذيوله: ج٨ ص٢٨٦، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

[2]. ابن كثير الدمشقي، البداية والنهاية: ج١١ ص٧٣، الناشر: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان – القاهرة

فەرموودەی ویلایەت:

حاکیمی نەیشابوری، یەکێک لە زانایانی ئەهلی سوننە، لە پێغەمبەرﷺ دەگێڕێتەوە کە دەڵێت:

«إنَّ عَلِيّاً مِنِّي وَأَنَا مِنْهُ وَهُوَ وَلِيُّ كُلِّ مُؤْمِنٍ»[1]

(عەلی لە منە و منیش لە عەلیم، وە ئەو وەلی (پارێزەری) هەموو ئیماندارانە).

ئەم ڕیوایەتە بە مەرجەکانی موسلیم ڕەسەنە

(ناصر الدين) ئەلبانی لە زانایانی گەورەی وهابی، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ بە مێری ئیمانداران عەلیعليه السلام فەرموویەتی :

«أَنْتَ وَلِيُّ كُلِّ مُؤْمِنٍ بعدي»

تۆ پارێزەری و وەلی هەموو ئیمانداریت دوای من.

حاکیم و زەهەبی ئەم گێڕانەوەیەیان ڕاستکردەوە و وەک هەردووکیان گوتیان زنجیرەی وەێژەرەکانی گێڕانەوەکە ڕەسەن.[2]

فەرموودەی خەلافەت:

ئیبنی ئەبی عاسم لە زانایانی ئەهلی سوننە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ بە مێری ئیمانداران عەلیعليه السلام فەرموویەتی :

---

[1]. حاكم النيسابورى، المستدرك على الصحيحين: ج٣ ص١١٩، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

[2]. البانى، السلسلة الصحيحة: ج ٥ ص٢٦٣، الناشر: مكتبة المعارف للنشر والتوزيع – الرياض

«وَأَنْتَ خَلِيفَتِي فِي كُلِّ مُؤْمِنٍ مِنْ بَعْدِي»[1]

تۆ خەلیفەی منی دوای من بەسەر هەموو ئیمانداراندا.

هەروەها ئەلبانی دەڵێت: زنجیرەی وەێژەرەکانی ئەم ڕیوایەتە حەسەنە.

ئەلبانی لە زانایانی گەورەی وەهابی، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ بە مێری ئیمانداران فەرموویەتی:

«لَا يَنْبَغِي أَنْ أَذْهَبَ إِلَّا وَأَنْتَ خَلِيفَتِي»[2]

(ناگونجاو نییە بۆ من بچم تەنها ئەوە نەبێت کە تۆ جێنشینی من بیت).

ئەلبانی دەڵێت: حاکیم و زەهەبی ئەم ڕیوایەتەیان ڕاست کردۆتەوە و وەک هەردووکیان وتوویانە زنجیرەی وەێژەرەکانی ڕەسەنە.

فەرموودەی پێشەوایی:

حاکیمی نەیشابوری دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

بۆم دابەزیوە:

«علی إمام المتقین»[3]

(عەلی ئیمامی خواپەرستەکانە).

زنجیرەی گێڕانەوە ڕەسەنە[4]

---

[1]. ابن ابی عاصم، السنة: ص٥٦٥، الناشر: المکتب الإسلامي – بیروت

[2]. ــــــــــــــ:ص٥٦٦

[3]. حاکم النیسابوری، المستدرك علی الصحیحین: ج٣ ص١٤٨، الناشر: دار الکتب العلمیة – بیروت

[4]. حاکیم وتوویەتی: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ

خوارێزمی لە زانایانی ئەهلی سوننە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری بەرز صلى الله عليه وآله وسلم بە مێری ئیمانداران عەلی علیه السلام فەرموویەتی:

«أَنْتَ إِمَامُ كُلِّ مُؤْمِنٍ وَمُؤْمِنَةٍ»[1]

تۆ ئیمامی هەموو پیاوە ئیماندارەکان و ئافرەتانی ئیمانداریت.

ئاماژەی ئیمام باقر علیه السلام بۆ ئایەتەکانی ویلایەت، ئیبلاغ و ئیکماڵ، لەسەر ویلایەتی عەلی علیه السلام:

کولەینی ڕیوایەتێکی سەحیح لە ئیمام باقر علیه السلام گێڕاوەتەوە کە دەڵێت:

خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەری پیرۆز صلى الله عليه وآله وسلم داوە کە ویلایەتی عەلی علیه السلام ڕابگەیێنێت و ئایەتی ٥٥ی سورەتی المائدە :﴿إِنَّما وَلِيُّكُمُ اللَّهُ...﴾، دابەزاندووە ﴿وفَرَضَ وَلَايَةَ أُولِي الْأَمْرِ﴾، بەم شێوەیە سەرپەرشتیکردنی عەلی (بە سەر هەمووا) لەسەر هەموو کەسێک واجب بوو.

وە هەروەها ئایەتی ٦٧ی سورەتی المائدە، «يا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ ما أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ» **واتە: ئەی پێغەمبەر، ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزیوە، بیگەیەنە، وە فەرمانی پێکرد کە وەحی ئیلاهی بە خەڵک بگەیەنێت. پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وآله وسلم فەرمانی خودای جێبەجێ کرد،** «فَقَامَ بِوَلَايَةِ عَلِيٍّ عليه السلام يَوْمَ غَدِيرِ خُمٍّ» **و لە ڕۆژی غەدیر خومدا، ویلایەتی عەلی علیه السلام ڕاگەیاند و فەرمانی دا کە ئامادەبووان ئەم بابەتە بگەیەننە ئەوانەی ئامادەنەبوون.**

پاشان ئیمامی باقر علیه السلام فەرموویەتی:

دوایین واجب، کە وەلایەتی عەلی علیه السلام بوو، بە دابەزینی ئایەتی ٣ی سورەتی المائدة تەواو بوو: واتە: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي﴾ **ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ کامڵ**

[1]. الموفق بن أحمد الخوارزمي، المناقب: ص٦١، الناشر: مؤسسة النشر الاسلامي التابعة لجماعة المدرسين – قم المشرفة

کرد و نیعمەتی خۆمم لەسەرتان تەواو کرد. واتە: «قَدۡ أَكۡمَلۡتُ لَكُمُ الۡفَرَائِضَ» و لە ڕاستیدا هەموو فەرزەکانم لەسەر ئێوە تەواو کردووە.[1]

٣ - ئەگەر عەلی عليه السلام بوایە بە خەلیفەی دەستبەجێ، چی ڕووی دەدا؟

عەلی عليه السلام داڕێژەری بناغە بۆ عەمەڵ بە کتێب و سوننەت:

ئیبن شوببەی نومەیری، یەکێک لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە، لە عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە کە بە ئیبنی عەباس وتوویەتی:

إنَّ أَحْراهُمْ إنْ وَلِيَهَا أَنْ يَحْمِلَهُمْ عَلَى كِتَابِ اللّهِ وَسُنَّةِ نَبِيِّهِمْ صَاحِبُكَ، يَعِنِي عَلِيّاً.[2]

"بەبایەخترین کەس کە ئەگەر ببێتە خەلیفە کە موسڵمانان ناچار بکات بە کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کار بکەن، هاوەڵەکەت عەلی کوڕی ئەبی تالیبە."

ڕێبەرایەتیکردنی خەڵک بۆ ڕێگای ڕاست:

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیمامی مەزهەبی حەنبەلی، بە زنجیرەیێک کە وەیژەرەکانی سەحیحە لە پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وآله وسلم گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی:

---

[1]. الكليني، الكافي: ج١ ص٢٨٩، الناشر: دار الكتب الاسلامية – طهران

[2]. ابن شبة النميري، تاريخ المدينة: ج٣ ص٨٨٣، الناشر: السيد حبيب محمود أحمد – جدة

وإِن تؤمّروا عليًّا رضى الله عنه ولا أُراكم فاعلين يأخذ بكم الطريق المستقيم[1]

ئەگەر عەلی بکەنە خەلیفە(ئەمیر)- هەرچەندە دەزانم نایکەن - هەمووتان ناچار دەکات بۆ ڕێگای ڕاست.

ئەبو نوعەیمی ئیسفەهانی، یەکێک لە گەورە زانایانی سوننە، لە پێغەمبەری خۆشەویستﷺ دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت:

«إِنْ تَستَخلِفُوا عَلِيّاً وَمَا أَرَاكُم فَاعِلِينَ تَجِدُوهُ هَادِياً مَهدِيّاً، يَحمِلُكُم عَلَى المَحَجَّةِ البَيضَاءِ»[2]

ئەگەر عەلی بکەنە خەلیفەی خۆتان - هەرچەندە دەزانم وا ناکەن - لە بارەی ئەو، بەوە ئەگەن کە ئەو هیدایەتگەر و ڕێنوارە وە هەمووتان دەگوازێتەوە بۆ ڕێگای ڕاست و ڕوون.

هێنانەدی یەکڕیزی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا:

حاکیمی نەیشابوری لە پێغەمبەری خۆشەویستﷺ دەگێڕێتەوە کە بە عەلیعليه السلام فەرموویەتی:

«أَنتَ تُبَيِّنُ لِأُمَّتِي مَا اختَلَفُوا فِيهِ بَعدِي»[3]

تۆ ئەو کەسەی کە دوای من ناکۆکی ئومەتی ئیسلامی ڕوون دەکەیتەوە و چارەسەری دەکەیت!

---

[1]. احمد بن حنبل، المسند: ج١ ص٥٣٧ -٥٣٨، الناشر: دار الحديث - القاهرة

[2]. أبو نعيم الأصبهاني، حلية الأولياء وطبقات الأصفياء: ج١ ص٦٤، الناشر: السعادة - جوار محافظة مصر

[3]. حاكم النيسابورى، المستدرك على الصحيحين: ج٣ ص١٣٢، الناشر: دار الكتب العلمية - بيروت

ئەم فەرموودەیە سەحیحە و مەرجی صەحیحی بوخاری و موسلیمی تێدایە.[1]

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خۆشەویستﷺ دەفەرموێت:

«وَأَهْلُ بَيْتِي أَمَانٌ لِأُمَّتِي مِنَ الِاخْتِلَافِ فَإِذَا خَالَفَتْهَا قَبِيلَةٌ مِنَ الْعَرَبِ اخْتَلَفُوا فَصَارُوا حِزْبَ إِبْلِيسَ»[2]

بنەماڵەی من سەرچاوەی ئاسایشە بۆ ئومەتی ئیسلامی لە هەر جۆرە ناکۆکییەک و ئەگەر هەر عەشیرەتێک دژایەتیان بکات ئەوا دەچێتە ناو حزبی شەیتانەوە.

وە ئەم فەرموودەیە ڕەسەنە.[3]

گەرەنتی ئاسوودەیی دونیا بۆ مرۆڤەکان:

حەزرەتی فاتیمە زەهرا علیها السلام لە دوایین وتاریدا فەرموویەتی:

يَا اللّهِ لَوْ تَكَافُؤا عَلَى زِمَامٍ نَبَذَهُ رَسُولُ اللّهِ صلى الله عليه وآله ...لَفُتِحَتْ عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٌ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ[4]

خوایە ئەگەر دەستەڵاتی خەلافەتیان ڕادەستی ئەو کەسە بکردایە کە پێغەمبەر دیاریی کردبوو، نیعمەتی ئاسمانەکان و زەوی بەسەریاندا ئەکرایەوە.

سەلمانی فارسی رضي الله عنه فەرموویەتی :

---

[1]. **حاکیم وتوویەتی**: هذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ

[2]. حاكم النيسابورى، المستدرك على الصحيحين: ج٣ ص١٦٢، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

[3]. **حاکیم وتوویەتی**: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ

[4]. ابن طيفور، بلاغات النساء: ص٢٤، الناشر: مطبعة مدرسة والدة عباس الأول، القاهرة

«لَوْ بَايَعُوا عَلِيّاً لَأَكَلُوا مِنْ فَوقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ»[1]

ئەگەر بەیعەتیان بە عەلی بدابایە، چێژیان لە نیعمەتە زۆرەکانی ئاسمانەکان و زەوی وەرگرتبا.

حەزرەتی عەلی عليه‌السلام فەرموویەتی :

وَلَو أَنَّ الْأُمَّةَ مُنْذُ قَبَضَ اللهُ نَبِيَّهُ، اِتَّبَعُونِي وَأَطَاعُونِي لَأَكَلُوا مِنْ فَوقِهِمْ وَمِنْ تَحْتَ أَرْجُلِهِم رَغَداً إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ[2]

ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خۆشەویست صلى‌الله‌عليه‌وآله شوێنمان کەوتبا و گوێڕایەڵی ئێمە بوایە، ئەوا لە نیعمەتەکانی ئاسمان و زەوی بەهرەمەند دەبوون و تا ڕۆژی قیامەت ژیانێکی خۆش و لە خۆشگوزەرانییان بەسەر دەبرد.

گەرەنتی ڕزگاری و بەختەوەری لە قیامەتدا :

عەبدوڵڵا کوڕی مەسعوودەوە لە پێغەمبەری خۆشەویست صلى‌الله‌عليه‌وآله فەرموویەتی:

«أَمَا وَالَّذِي نَفْسِي بيده، لَئِنْ أَطَاعُوهُ لَيَدْخُلَنَّ الْجَنَّةَ أَجْمَعِينَ أَكْتَعِينَ»[3]

ئەگەر خەڵک لەدوای من گوێڕایەڵی عەلی بن، ئەوا هەموویان دەکاتە ناو بەهەشتەوە.

---

[1]. البَلَاذُري، أنساب الأشراف: ج١ ص٥٩١، الناشر: مصر – دار المعارف / ابن ابي شيبة، المصنف: ج٧ ص٤٤٣، الناشر: مكتبة الرشد – الرياض

[2]. الهلالي، كتاب سليم بن قيس: ص٢١١، الناشر: دليل ما – قم

[3]. معمر بن راشد، الجامع: ج١١ ص٣١٧، الناشر: مكتبة القدسي – القاهرة

بۆچی بەیعەتیان بە عەلیعليه السلام نەدا؟

خۆپەرستی و قۆرخکاری:

حەزرەتی عەلی عليه السلام لە وەڵامی هەندێک لە هاوەڵەکانیدا کە لێیان پرسیوە:

چۆن گەلەکەت (قورەیش) تۆیان لەم پۆستە (خەلافەت) دوورخستەوە، لەکاتێکدا تۆ بەبایەختر بوویت؟

حەزرەتی عەلی عليه السلام لە وەڵامدا فەرمووی:

بەڵام ستەمی ئەوانی تر لە بابەتی خەلافەتدا دژی ئێمە - هەرچەند ئێمە لە ڕەچەڵەکدا باڵاتر و بەهێز لە پەیوەندی لەگەڵ پێغەمبەری پیرۆز صلى الله عليه وآله وسلم بوین، «فَإِنَّهَا كَانَتْ أَثَرَةً شَحَّتْ عَلَيْهَا نُفُوسُ قَوْمٍ وَسَخَتْ عَنْهَا نُفُوسُ آخَرِينَ وَالْحَكَمُ اللهُ وَالْمَعْوَدُ إِلَيْهِ الْقِيَامَةُ». بە هۆی خۆپەرستی و قۆرخکارییەوە لەگەڵ ئێمە ئەهلی بەیت، و (بەهۆی ئەوەی هیچ شایستەیییەکیان نەبوو، مافی ئێمەیان قۆرغ کرد) ئێمە لەو بابەتە گوزەراین، خودا لە نێوان ئێمە و ئەواندا حوکم دەدات، لە ڕۆژی قیامەتدا هەمووان دەگەڕێنەوە لای (بەلێنمان بۆیان ڕۆژی قیامەتە).[1]

ڕق و کینە شاراوەکان لە دڵەکاندا:

ئەبو یەعلا، یەکێک لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە، لە ئیمامی عەلیعليه السلام کە فەرموویەتی:

... پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم لە باوەشی گرتم و بە دەنگی بەرز گریا. وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ دەگری؟ فەرمووی:

«ضَغَائِنُ فِي صُدُورِ أَقْوَامٍ لَا يُبْدُونَهَا لَكَ إِلَّا مِنْ بَعْدِي»[2]

لە دڵی دەستەیەکدا کینە لە ئێوە هەیە کە دوای من دێنە بەرچاو.

---

[1]. الرضي، نهج البلاغة: خطبة ١٦٢، التحقيق: الدكتور صبحي صالح

[2]. ابي يعلى الموصلي، المسند: ج١ ص٤٢٦، الناشر: دار المأمون للتراث - دمشق

خیانەت و پێشێلکردنی گرێبەست:

حاکیمی نەیشابوری لە ئیمام عەلی عليه السلام دەگێڕێتەوە کە دەڵێت:

«إنَّ مِمَّا عَهِدَ إِلَيَّ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم أَنَّ الأُمَّةَ سَتَغْدِرُ بِي بَعْدَهُ»[1]

لە وەسیەتەکانی پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وآله وسلم بۆ من ئەوە بووە کە ئەوممەت خیانەتم پێ ئەکات و گرێبەستەکەی ئەشکێنێت.

زنجیرەی وەێژەرەکانی ئەم گێڕانەوەیە ڕەسەنە. هەروەها زەهەبیش ئەو ڕیوایەتەی بە ڕەسەن زانیویەتی.

قوڕەیش و تۆڵەسەندنەوە لە کینەی شاراوەکان لە پێغەمبەری پیرۆز صلى الله عليه وآله وسلم

حەزرەتی عەلی عليه السلام فەرموویەتی:

خوایە! داوای هاوکاریت لێدەکەم دژی قوڕەیش. «فَإِنَّهُمْ أَضْمَرُوا لِرَسُولِكَ ضُرُوباً مِنَ الشَّرِّ وَالْغَدْرِ فَعَجِزُوا عَنْهَا وَحُلْتَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَهَا فَكَانَتِ الْوَجْبَةُ بِي وَالدَّائِرَةُ عَلَيَّ» **کینە و خیانەتێکی زۆریان لە دڵیاندا هەبوو بەرامبەر بە پێغەمبەرەکەت صلى الله عليه وآله وسلم؛ بەڵام نەیانتوانی جێبەجێی بکەن و تۆ ڕێگریت لێکردن لە نیازە خراپەکانیان، ئێستاش نۆرەی منە و پەلاماریان بەرەو من بردە (تۆڵەی ئەو پێغەمبەرە لە من دەکەنەوە).**
خوایە گیان من و حەسەن و حوسێن بپارێزە و دەستی قوڕەیش دوور بخەرەوە لە زیان گەیاندنیان تا لە ژیاندا بم، و ئەکاتە نەمام دەیانپارێزیت و تۆ شایەتحاڵ و چاودێری هەموو شتێکیت.[2]

---

[1]. حاكم النيسابورى، المستدرك على الصحيحين: ج٣ ص١٥٠، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت

[2]. ابن ابى الحديد، شرح نهج البلاغة: ج٢٠ ص٢٩٨، الناشر: دار احياء الكتب العربية – قم

تۆڵەی لێدانی شمشێری عەلی عليه‌السلام:

حەسەکانی، یەکێک لە زانایانی ئەهلی سوننە، لە ئیمام باقرەوە عليه‌السلام دەگێڕێتەوە کە خودا فەرمانی بە پێغەمبەری پیرۆز صلى‌الله‌عليه‌وآله داوە کە عەلی وەک وەلی (پارێزەری) موسڵمانان بناسێنێت. پێغەمبەری پیرۆز صلى‌الله‌عليه‌وآله دەڵێت:

يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي قَرِيبُو عَهْدٍ بِالْجَاهِلِيَّةِ وَفِيهِمْ تَنَافُسٌ وفَخْرٌ، وَمَا مِنْهُمْ رَجُلٌ إِلَّا وقد وتره وليهم

خودایە گەلەکەم (قورەیش) بەهۆی نزیکبوونەوەیان لە سەردەمی جاهیلی، ڕکابەری و شانازی دەکەن، و پێم وایە ئینکاریم بکەن؛ چونکە کەسوکاری هەریەکێکیان لەلایەن عەلی لەناوچوون. پاشان جبریل ئایەتی ٦٧ی سورەتی المائدە دابەزاند. ئەی پێغەمبەر، ویلایەتی عەلی بە خەڵک ڕابگەیەنە، «وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ» **خودا لە خراپەی گەل دەتپارێزێت.**[1]

حەزرەتی فاتیمە زەهرا عليها‌السلام لە وتاری ئاگرینەکەیدا لە مزگەوت دەڵێت :

«نقموا من أبي حسن! نقموا والله نكير سيفه!»[2]

"تۆڵەیان لە عەلی کردەوە !بەخوا تۆڵەی لێدانی شمشێرەکەیان کردەوە."

ابن ابی الحدید لە ئیمامی عەلی عليه‌السلام دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

«مَا لِي وَلِقُرَيْشٍ! إِنَّمَا وَتَرْتُهُمْ بِأَمْرِ اللهِ وَأَمْرِ رَسُولِهِ»

---

[1] . الحسكاني، شواهد التنزيل لقواعد التفضيل: ج١ ص٢٥٤، الناشر: مؤسسة التابعة لوزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي – طهران

[2] . ابن طيفور، بلاغات النساء: ص٢٤، الناشر: مطبعة مدرسة والدة عباس الأول، القاهرة

بۆچی قورەیشەکان ئەوەندە دوژمنایەتیان بەرامبەرم هەیە؟ ئەگەر لە شەڕەکانی سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا گەلەکەیانم کوشت، ئەوە بە فەرمانی خوا و پێغەمبەر ﷺ بوو! ئایا ئەمە پاداشتی کەسێکە کە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بێت؟[1]

سەرچاوەکان

أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي. (١٤١٧). *تاريخ بغداد وذيوله*. بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن أبي الحديد المعتزلي. (١٣٨٧). *شرح نهج البلاغة*. قم: دار احياء الكتب العربية، منشورات مكتبة آية الله العظمى المرعشي النجفي.

ابو الحسن محمد الرضي بن الحسن الموسوي الرضي. (١٣٨٧). *نهج البلاغة*. بيروت: بي نا.

أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري الدمشقي. (١٤١٨). *البداية والنهاية*. القاهرة: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان.

أبو الفضل أحمد بن أبي طاهر ابن طيفور. (١٣٢٦). *بلاغات النساء*. القاهرة: مطبعة مدرسة والدة عباس الأول.

أبو بكر بن أبي عاصم وهو أحمد بن عمرو بن الضحاك بن مخلد الشيباني. (١٤٠٠). *السنة*. بيروت: المكتب الإسلامي.

[1]. ابن ابى الحديد، شرح نهج البلاغة: ج٢٠ ص٣٢٨، الناشر: مؤسسة دار احياء الكتب العربية – قم

أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني. (١٤١٥). *سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها.* الرياض: مكتبة المعارف للنشر والتوزيع.

أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني. (١٤١٦). *المسند.* القاهرة: دار الحديث.

أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله النيسابوري. (١٤١١). *المستدرك على الصحيحين.* بيروت: دار الكتب العلمية.

أبو محمد عبد الرحمن بن محمد بن إدريس بن المنذر التميمي، الحنظلي، الرازي ابن أبي حاتم. (١٤١٩). *تفسير القرآن العظيم.* المملكة العربية السعودية: مكتبة نزار مصطفى الباز.

أبو نعيم أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق بن موسى بن مهران الأصبهاني. (١٣٩٤). *حلية الأولياء وطبقات الأصفياء.* بجوار محافظة مصر: السعادة.

أبو يعلى أحمد بن علي بن المثُنى بن يحيى بن عيسى بن هلال التميمي، الموصلي. (١٤٠٤). *مسند أبي يعلى.* دمشق: دار المأمون للتراث.

أحمد بن موسى ابن مردويه الأصفهاني. (١٤٢٤). *مناقب علي بن أبي طالب (ع) وما نزل من القرآن في علي (ع).* قم: دار الحديث.

أحمد بن يحيى بن جابر بن داود البَلَاذُري. (١٩٥٩). *جمل من أنساب الأشراف.* (محمد حميد الله، المحرر) مصر: دار المعارف.

الموفق بن أحمد بن محمد المكي الخوارزمي. (١٤١١). *المناقب.* قم المشرفة: مؤسسة النشر الإسلامي التابعة لجماعة المدرسين.

تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني. (١٤٠٦). *منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية*. الرياض: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية.

شهاب الدين محمود بن عبد الله الحسيني الألوسي. (١٤١٥). *روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني*. بيروت: دار الكتب العلمية.

عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي. (بي تا). *الدر المنثور*. بيروت: دار الفكر.

عبيد الله بن أحمد المعروف بالحاكم الحسكاني. (١٤١١). *شواهد التنزيل لقواعد التفضيل*. طهران: مؤسسة الطبع والنشر التابعة لوزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي- مجمع إحياء الثقافة الإسلامية.

عمر بن شبة (واسمه زيد) بن عبيدة بن ريطة النميري البصري، أبو زيد. (١٣٩٩). *تاريخ المدينة*. جدة: السيد حبيب محمود أحمد.

كتاب سليم. (١٤٢٢). *سليم بن قيس الهلالي الكوفي*. قم: دليل ما.

محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري. (١٤٢٢). *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. القاهرة: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان.

محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني. (١٤١٤). *فتح القدير*. دمشق، بيروت: دار ابن كثير، دار الكلم الطيب.

محمد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك، الترمذي. (١٩٩٨). *الجامع الكبير - سنن الترمذي*. بيروت: دار الغرب الإسلامي.

محمد بن يعقوب الكليني. (١٣٨٨). *الكافي*. طهران: دار الكتب الاسلامية.

محمد رشيد بن على رضا بن محمد. (١٤٠٤). *تفسير القرآن الحكيم الشهير بتفسير المنار*. بيروت: دار المعرفة.

معمر بن أبي عمرو راشد الأزدي. (١٤٠٣). *الجامع*. المجلس العلمي وتوزيع المكتب الإسلامي ببيروت: باكستان.